سەرۆك وەزیرانی بریتانیا گۆڕانكاری لە كابینە حكومیەكەی كرد

ڕیشی سەناك سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ، ئەمڕۆ دووشەممە ،گۆڕانكاری لە كابینە حكومیەكەی كرد و جەمیس كلیڤەرلی وەزیری دەرەوەی وڵاتەكەی بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری ناوخۆ دیاریكرد و دەیڤد كامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی پێشوتریشی وەك وەزیری دەرەوەی وڵاتەكەی دیاریكرد. جێی ئاماژەیە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، سوێلا بریڤرمانی لەو پۆستی وەزیری ناوخۆی وڵاتەكەی دورخستەوە كە بەهەڵچەڵەك هیندییە، لەكاتێكدا پێش هەڵبژاردنەو گشتییەكان كە چاوەڕوان دەكرێت لەو ساڵی داهاتودا ئەنجامبدرێت، گۆڕانكاری لەكابینەكەی ئەنجامدەدات.

لەو چوارچێوەی گۆڕانكاری لەو كابینەكەدا، ریشی سەناك بڕیاریدا جەیمس كلیڤەرلی وەزیری دەرەوەی بریتانیا بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ دەستنیشان بكات، هەروەها دەیڤید كامیرۆن سەرۆك وەزیرانی پێشوتری بریتانیای وەك وەزیری دەرەوەو دەستنیشانكرد، كەو لەو ساڵی 2016دا بەهۆی ئەوەی نەیتوانی نەیتوانی بریتانیا لەو یەكێتی ئەورووپا بمێنێتەوە،
دەستیلەكارکێشایەوە.